

[illegible]

---

بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم - لەو کانییانەم خواردەوە


نەژاد عزیز سورمێ

# بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم
# لەو کانییانەم خواردەوە

چاپی یەکەم 2010

* نەژاد عزیز سورمێ
* بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم
لەو کانییانەم خواردەوە
* بەرگ و کۆلاژەکانی ناوەوە: شاعیر خۆی
* پۆرتریتی شاعیر: قەڵەمکێشی هونەرمەند قەرەنی جەمیل
* خەتی بەرگ و نووسینی ناونیشانی شیعرەکان: هونەرمەند محەمەد زادە
* کاری هونەریی: شکار نەقشبەندی
* چاپی یەکەم – 2010
* چاپخانەی: خانی – دهۆک

* ڕیزبەندی و پاش و پێشپێکردنی دەقەکان بەپێی مێژووی نووسینیان پەیوەندی بە دەرهێنانی هونەرییەوە هەیە.



مرۆڤێک لەبیری دەچێ بژی



# مرۆڤێک لەبیری دەچێ بژی

**"من لە نووری خۆمدا دەژیم،**
**ئەو پڕشنگانە دەنۆشم لێم دەبنەوە..**
**نیتچە"**

**(1)**

زەردەخەنەی ساڵانەم
بەهەور هەڵواسی
هەوارم
لەناوکی گوڵە مێلاقە دایە
لەگریانی ئەو زەردەخەنەیە دەخواتەوە
لەچاوی بارانیی ئەودا
دەڕوانێتە پێدەشت..

**(2)**

تەمەن وێنەی چەند هێڵێکە
لە شووشەی شکاوی شەراب هەڵبەستراون
چ دەبێ ئەگەر بڕیار بدەین،
لە ئاوی پێخوستی دڵە شکاوەکان بخۆینەوە؟



**(3)**

سەرم بە سێبەری
پیاوە بێ سێبەرەکە کردبوو..
پەنجەم بە ئاگر لە گۆ چوو بوون
ئەوە، ئەو ڕۆژە
خونکاری ژیانی لێ دەتکێ!!

(4)

له مرۆوه چاوەڕێی خۆرهەڵاتن ناکەم
لەمرۆوه بەپێی پەتی،
بەناو خوناوی مێرگ و کوێستانان ڕادەکەم..
ئەوەتا شوان لە بناریدا ڕەش دەچنەوە
تەم ڕادەدەن..



(5)

ئەو ماهە چ سانتاییێکی پێوە ماوە
شکۆی تابانی،
لە خوێنی مەییو دەچێ..
کارگەی ژاکان..
ئەو ماهە سوێند دەخۆی کاغەزی قومارە
بەدەست قوماربازێکی شڵەژاوی دۆڕاوەوە.

(**6**)

شەختە گیانی بەشارەوە نەهێشتووە
ڕێ ئەستەمە
تا ئێستا نازانین
لەو دیو ئاستانە
چ دەبێ، چ دەگوزەرێ..



(**7**)

ئەوە چ کارێکە
بەیانییان
لەگەڵ کازیوە هەستی
دەفتەری ئاگر
بۆ پاسەوانی کوێر بنووسییەوە؟

(**8**)

ئێستا مۆسیقا لە ڕەشەباوە دێ
تریفە بەشیعر دەدوێ
بێ هاوتایە ئاوێنە،
دۆست و نەیار
خۆیانی تیا دەبیننەوە.
بێ هاوتایە.....



(**9**)

لێم دوور مەکەوە
خەونم دیوە
ئەمساڵ گوڵ دەردەکەم،
گوڵی سوور، زەرد، سپی
لێم دوورمەکەوە
دەستی یەکتر دەگرین
هەستمان پێ ناکەن
بەسەری پەنجەکانمان ڕێ دەکەین
دەڕۆین تا لەو سنوورە لەعنەتییە دەپەڕینەوە.

**(10)**

ئەوانەی خۆشیانویستبووی
ناهەق نەبوون.
کانی لەزەت
لە نیگەرانی ژنێک دەچێ
عەشق تاوی بۆ هێناوە
ئەسڵی مەسەلە ئەوەیە
نەخشەی تەمەن..



**(11)**

دوور لە دەق.
دوور لە دەقنووس.
دوور لە ئاهەنگی کز
دوور لە بەزمی ئاهەنگێڕان.
ڕێگای لمی بیابانی گرتبوو
چاو لە خوێن
بەدوای شوێنپێی (با) وە بوو
دوور لە دەق، لە دەقنووس..
دوور لە ئاهەنگ، لە بەزمی ئاهەنگێڕان.

**(12)**

تەمەنی مانگ
بەقەد تەمەنی کەوانەی
سەرچاوەکانت بوو
ببوورە
مەبەستم ئەو دوو ئەستێرەیە
بەڕۆژیش دەدرەوشێنەوە.



**(13)**

ئەو شەوە چەند درێژ بووەوە خوایە
ئەو بێدارییە
بۆچی ڕەنگی لە ڕوواندا نەماوە
خوایە، میلی سەعاتەکان بۆ وەستاون
گوڵەکانی ئینجانە
بەو شەوە بۆچی چاوبز لێم دەڕوانن.

(**14**)

خەمەکانمان لە شەبەنگێک دەچن
لە سمکۆڵی ئەسپ و
ئاسۆی لێڵدا دەردەکەون..
سەرابە
سەرابە
سەرابە
سەرابە ئەو خۆشەویستییە.



(**15**)

پیاسەم دەکرد
نازانم بۆچی، لەبەر خۆمەوە
بیرم لە مێخەکبەندەکەت دەکردەوە
تۆیش پێت وا نییە سەرەنجی ڕاکێشابم؟

کانوونی یەکەم/ 2009





تارای باران.. شەقامی تارمایی..دۆت کۆم



# تارای باران .. شەقامی تارمایی .. دۆت کۆم

**چ دەبێ ئەگەر هەموویان بڕۆن؟**
**وازیان لێ بێنە.. من دەمێنمەوە**
**بە دەریا بەر فراوانەکاندا دێم**
**ئاسمانی بێ پایان تەی دەکەم**
**بێ دڵشکاوی، بێ شکایەت،**
**دێم گۆرانی بچڕم..**

**یانیس ڕیستۆس**

**(1)**

مەترسە! کوڕ گەرمە، شانۆ ماندوو
هەور باڵیان
بەسەر شارو گوندان دەکوتن
مەترسە! دەستت بێنە!
خۆشەویستی دڵنیاییمان دەداتێ..

خۆشەویستی لە خەمی بێ چاووگ و سەرچاوەمان
دەپارێزێ..
مەترسە!
خۆشەویستی لە دیواری ماندوو
لە سەعاتی هەناسەسوارو
کەوشەنی گومڕاییمان دەترازێنێ..



مەترسە!
ئیتر ترس لە دەفتەرە زەردهەڵگەڕاوەکانی مێژوودا
جێگەی نییە..
مەترسە! بێ گومان بای وادە
پیاسەیەکمان هەر پێ دەکا
زۆر لەو سەفەرو گەشتانە خۆشتر
دەزگاو سەندیکاکان بۆ هەوادارانیانی ڕێک دەخەن..

مەترسە! ئەگەر پەڵەیەک هەورو
چەند گەزێ خۆرو
شەرەنگی دواساتمان
لە شەقامە بە جریوە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە دەست نەکەوت..



**(2)**

**(ئاخری/لاوک و / حەیران و / هۆرەو/ سیاچەمانەم/ بینی/
بەناو/ یەکتر/ کەوتبوون../ من/ ڕەخشم/ پێ نەبوو/
گۆرانییەکی کپکراو/ هاوارێکی بێدەنگ/ بەدەردی/
چی/ دەخوا؟/ شەقامی تاریک/ دیواری کوێر.../)**

پەردەی پەنجەرەم لە سەرمان هەڵدەلەرزێ..
پایزێکی درەنگ بوو
لەگەڵ گەلگامش پێکەوە بووین
دۆسیەی بارانمان دەخوێندنەوە
کە لەسەر شۆستەدا داوای تەسکەرەو
ناسنامەیان لێ کردبوو... تووڕە ببوو..

لەوێیای دەتدی
چەند گۆرانی ، چەند ئاواز
چەند ئەستێرەی دارڕژاو و
پارچەی مانگ پێشێل دەکرێن..
لەوێیای، بەتایبەتی
بۆنی مێلاقەو ئەرخەوانت دەکرد
گوێت لە پێخوستی بوولێڵ و
زرنگەی تارای زیوین دەبوو..



لەوێیای
بە ڕێژنەیەک فرمێسک سەوز دەبوویەوە..

ئای لە نەرمە خوناوان،
ئای لە سەدایێ پایزێ..
لە باوبۆرانی زستانێ..

**(3)**

**( شیرین قەد/ پەشمی ئاودامان/ دەپۆشێ./ بڵێی/**
**دنیا/ ئەوە نەبێت دەیبینین؟/ ئاگری شوانان/ لە/ دوور ڕا/**
**دیار/ بوو.. / لاڤاییی/ تاوی/ بۆ/ دەهێناین/**
**نەقشی/ ناسۆر/ بوو/ لە سنوورانیان/ دەکێشا../**
**دڵم/ دەڵێ/ پێدەکەنی../ )**

دەستم بگرە.. مەترسە!
خەمی وایەرە تێکئاڵاوەکانت نەبێ
گوڵەکانی مافوور چاویان لە کلاوڕۆژنە بڕیوە..



(هیوا)ی شێت
(ئومێد)ی لەعنەتی..
پیاڵەیەکی پڕ
لەو دیو ڕۆژگاری گلاراو چاوەڕێمانە..

شوباتی 2007



ڤاڵسی شەوە خایینەکان



# ڤاڵسی شەوە خاینەکان

**چ بەدبەختییەکە لە گیرفانێت بدەنێ و**
**لە دڵت لێت وەربگرنەوە**
**جوبران خەلیل جوبران**

**(1)**

سێبەری مێژوو ، دەستی لەکەلەکێ گرتووە..
لەگەڵ بارانی بەهاراندا برۆ
هەمیشە خۆرێک هەیە لێوارە ماسکدارەکانی دنیا
دەلاوێنێتەوە..

**هەمیشە سپێدەیەک هەیە بێ باک**
**لە گومڕایی جەنگەڵان دەمانپارێزێ..**

**مەکۆی ئەرخەوان بوو ئەم وڵاتەی ئێمە**
**هاتن چاوتان**
**لەلاتی و خەتی خێڵاتیشمان بڕی..**
**هاتن مۆسیقای خاوەن شکۆتان لێ تۆراندین**



بە کوێتاندا هەڵبڵێم؟
بە ویندۆزە ڤایرۆسدارەکانتان
یاڕوانینی باڵدار ئاسا؟
بە کوێتاندا..؟

## (2)

**(تابلۆی بەردەرگای دکتۆران/ نەخۆشیان دەژماردن../**
**گڵۆپەکان/ لە ڕووناکیان کوێر ببوون/ کۆخەکۆخی گزۆزە هەناو ڕەشەکان/**
**ئێستا وەختی / نووستنی / گوڵە سوورو سپییەکانە/**
**سەیری چ لەخۆنووسان و دەکۆڵخۆداهاتنێکە/)**

بە ئومێدێکی شێتەوە دەستم درێژکرد
بە ئومێدێکی شێتەوە باوەشم واڵاکرد
ئەفسووس لە دەنگی ڕۆحم نەگەیشتن
ئەفسووس دۆسیەی نێرگزتان نەخوێندەوە..



لە بیرتان کرد بە نوێژی نیوەڕۆ
چرای شەیدابییمان،
لە ناوەڕاستی شەقامدا بۆ پێ کردن..
لە بیرتان کرد
پیاڵەی بە تاڵ بۆ خۆمان و
هی پڕمان بۆ ئێوە دانا..!!

**(3)**

**(ئەو چرکە ساتانە/ لە یادەوەریمدا/ دادەکەم../**
**دەنگێک/ وێنەی مەستیی ئێواران / نامۆیی**
**هەڵیدەلووشێ../ پەی چی / بیر/ لەوە بکەمەوە/**
**سۆمای چاوم/ پێشکێشی ئێوە بکەم..؟**
**شەڕ هەڵیخەڵەتاندین../ شەڕ کوێری کردین/ لاڵی کردین/**
**شەڕ کەڕی کردین/ کەری کردین.. / ڕەوی کوللەیش، بە بێشەڵاندا هاتن../)**

کارگەی ماسک و ڕووبەندانن
بۆ خۆیان لە هەموو شتێک دەگەن
لە نەزمی پۆشتەکردنی با..



لە ڕازاندنەوەی ئینجانەی بەر دەرگا..
ناسۆریش لە سەنگتراشیی ئەوانەوە
کە چەندین دەریاو ئاسمانیان بڕیوە
لە پرۆسەی ( فرێندلی فایەر)- Friendly fireدا
مەدالیای بێهاوتای ئێمە بووە..!

## (4)

**(من ون نەببووم/ لێ/ قاچم/ لە هەر کوێ دانا/**
**زەنەک دەرچوو.. / من/ ون / نەببووم/ تەنیا/ ئەوەندە بوو/**
**ناسنامەکەم/ لە گیرفانی کراسەکەمدا/ لە بیرچووبوو../)**

ئاسمانێکی بەتاڵ دەرچوو
ئەو ئاسۆیەی،
لە سەنتەرە بێ دووبانکە و بەرهەڵەکانتانەوە
دەتانویست بیبینن..



چوارگۆشەکانتان تێک شکان
سێ گۆشەتان ڕاست کردنەوە..
مێژوو؟..
مەپرسە لە چ قوڕگێکی گیراودا ئاخنراوە..
بێ وچان
مەیدانگر.. نەوڕەس.

لەوە کارەساتتر هەموومان تاوانبار بین؟
لەوە کارەساتتر هەموومان ژاڵە خواردوو..؟

ئەی کوا لاپرسەنی و بێباکی (شەکسپیر)و
بۆنی پەلکەگیای (وایتمان) و
هاوارە کپکراوەکانی (ڕامبۆ)و (ڤرلین) و
بنیاتە پتەوە سانتاکانی (نیتچە)و
درەختە بە بەرەکانی (دانتی) و



فریسکۆکانی (داڤینشی) کوانێ؟
کوا شینگێڕییەکانی (ئیلییەت) و
هەرێ و پەیمانەکانی (ڕۆسۆ) و
عەشقی ڕۆژهەڵاتیانەی (گۆتە)و
شێوازە دڵنشین و دڵشکێنەکانی
(بیکاسۆ)و (سیزان) و (براک)و
ماسکە خەمبارەکانی مۆدلیانی؟..

## (5)

**( سرووتەکانی دوورگەی کرێت/ به ڕووباری چەوردا
چوون / گەیشتنە (سکلّیا)/ پەڕینەوە (ئیسپانیا)../ ئەو
پرۆسەیە/ تا ئێستا/ بۆراییشی/ دەرنەکەوتووە/ بۆ
ئاگاداریتان / ئێمە/ لە/ خەربەندەییمان / زیاتر / پێ/
دەکرێ/..)**

ویستم ئاگر لەسەر پشتی ماسییان بکەمەوە
گۆڕستانی ئوور
خانووە لە ناویەک و بە گەوەکانی چەرموو
برۆنزکارییەکانی لوڕستان
لە چیا قژ درێژەکانی ئیتالّیادا دەدرەوشایەوە..



ئەی مانگی تاراوگان!
مانگی بێ هێللانە و بێ سێبەر..
ئێمە بە تەنێ بووین
کە ئەوان ئاسمانیان تەی دەکرد
ئێمە بەتەنێ بووین
کە زەویان بە هەناسەبڕکێی
برسییەکانی ئەفەریقیاو
کۆستەکانمان دەدێرا

ئەی مانگی تاراوگان
مانگی بێ هێللانەو بێ سێبەر!
ڕۆژێ نەمدی
هاتبن فێری کێڵانمان بکەن
ڕۆژێ گوێم لێ نەبوو، نەم خوێندەوە
لە سۆتەڵ و نیگەرانی و دەستخەڵەتدان زیاتر
لە سەفەرە کورتەکانیان لە دوومابێ..



نەمدی ئەی مانگی تاراوگان
ڕۆژئاوای (مانێ) و (کلیمت) و (کامۆ)و
(کافکا) و (ئاراگۆن) و (دالی) و (دێلاکرۆا)
بواریان دابێن بەمردنی خۆمان بمرین..

ئەدی ئەوە ئەسەف نییە، مانگی تاراوگان؟
نەهێڵن شیعرێک بۆ شاروێرانی خۆمان و
هەنیەی ئارەقاویمان بنووسین..؟
ئەدی ئەوە ئەسەف نییە، هۆڵی ئاهەنگان
بەگریان بۆیە بکرێ؟!
مانگی بێ هێللانە، مانگی بێ سێبەر..!
باس هەر باسی گڵۆپ و چراخانی پایتەختانە
باس باسی نهێنییە ئاشکراکانە،



کە زانیارییان بە بەرقەڵایێ سەردەخەن
تا پێڕا بگەن سەحەری لالەزارو مرواریان
غافڵکوژ کەن..
ئێمەش بێ ئاگا..
خەریکی پیشەی بێ هوودەی فەرهادین.

ئیتر تەواو مانگی تاراوگان، کوورەی نوور!
ئیترتەواو ئەو ساتە تێکچڕژاوە بێ (تاو)انە
لە یادەوەریمدا هەڵدەگرم..
ئەو ساتانە، لەو چاوە مەستانە هەڵدەگرم
ڕۆژێ لە ڕۆژان سروودم بۆ دەگوتن..



ئەو جار هەڵدێم ئەی مانگ
بە کوردی هەڵدێم
خۆشەویستیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم
ئیتر شتێک نامێنێ بەو ناوە
پرسیار ئەوەیە:
ئەو کاتە ئێوە چۆن دەژین؟

نیسانی 2007



زەریی بێشەڵان



# زەری بێشەڵان

(دەبووایە/ بەبێی/ من/ خوێنپژانی/ بێهوودەیی و/ دڵی/
ڕۆشنی/ پەپوولان و/ گیای/ کەسکتر/ ببینی../
چ/ دەبوو/ ڕۆژگار/ لە/ دەنکە/ زەیتوونێک/ کۆبێتەوە../
چ/ دەبوو/ ئەوەندەم/ خۆشنەویستبای؟/ ..)

لە ڕەشنووسی یەکەمەوە

(**1**)

چڵی لە باڵی هەڵۆ دەچێ
سێبەری مەرگی ناگەهان
خۆهەڵتەکاندنی ژیان
درەختی ئەبەد..

**(2)**

یەکەمین جارە قژ ببینم
ڕووەو کەشکەڵان تەرز باوێ



**(3)**

هەموو جارێ شەڕ دەستی پێدەکردەوە،
سەری پەناگەمان
بەگەڵای ئەفسووناوی ئەو دەگرت.
لەگەڵ ئەودا
زەین دەمانباتەوەماڵی یەکەم،
کە هێشتا نەکەوتبووینە (بیر)ی تاکایەتی.

**(4)**

ئەوە ڕەگ نین
ئەوە ئاوی ڕەوانە
لەژێر خاک دا،
خۆی لێک دەکێشێتەوە.
دیارە بە تەنیاییم دەزانی
بالآت دەدەیتە بەر خۆرو
یاریی بە ئەستێران دەکەی.



**(5)**

کەپاڵ بەتۆوە دەدەین
دەبێ سیاسەتی چاوغایەنی
لەبیر خۆمان ببەینەوە.
ئەو پشکۆیانەی
لە ئینجانەی گوڵان دا داڵدە دەدرێن
چاویان لەچاوی هیوا دەچێ..

**(6)**

هەرچیم بێتەڕێ
پێش سەرەتا و دوای کۆتایی
لەسایەی تۆ
پیاڵەم هەرگیز بەتاڵ نییە.



**(7)**

بەو ساردەکێڵە هەڵخەڵەتام
سێبەری تۆیان دەچووەوە سەر..
بادە تاوی بۆ نەهێنام
پێگوزەر چەپڵەی لێ کوتام،
نەرمەخوناو تواندمیەوە
ئەی ڕاز
ئەی هێرشی مەینەت
گەواڵەی بەلەنجەولار

**(8)**

پێدەچێت لە باران دا ونبووبم
ئیتر کەس ناتوانێ تەرم بکا..
هەڵەیەکی تفتە
ئاسمانی پایز بەخۆت دابدەی..
هەوارێکی شیرینە
هاوینی تۆزاوی بنێژی



**(9)**

لێت نزیکم
هەست بەلێدانی دڵت دەکەم
وشە پێ ناوەستێ
وشە بەو ساتە شیرینە،
هێرشبەرانە ناوەستێ.
هیچم بۆ لێک مەدەرەوە
هەست بە لێدانی دڵت دەکەم و بڕایەوە..

**(10)**

نیشانە ڕاست نەبوو
دڵی من بوو بریندار
سڵاو برادەر
دەبینی پێک دەگەینەوە.



بایی خۆمان ژیاین
بایی خۆمان پێکەنین، گریاین
داخ کە نەمانتوانی
بایی خۆمان ڕاستگۆبین..

تەمووزی 2010



ژمارەیەکی دی
لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە



# ژمارەیەکی دی لەو شوێنە پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە

**(تاریکترین شوێن ئەو شوێنەیە دەکەوێتە ژێر ڕووناهی چرا)**

**بەبیرم نەماوە لە کوێم**
**بیستووە یا خوێندۆتەوە**

**(1)**

شەوقم لێ مەترازێنە
چاوم هێشتا لە ئاسۆیە
هێشتا هەر شەوە
ئەستێران گەش دەکاتەوە.

(2)

زیندەخەون نەبوو
بە چاوی خۆم خۆمم بینی
لە خاچ دەدرێم
شایەد بەو شایەدیەی
پاڵتۆیەکی لەنگەم لەبەردا بوو.
سوێندم لێ ناکەوێ ئەگەر بڵێم
لەوانەی کۆگایان جوانتر بوو.



(3)

چیرۆکی شانۆی ماندووم
بەرێژنەی بارانێ تێگەیاندی،
خۆر لە بەرابەر دڵەشکاوەکانەوە هەڵات و
لە چاوی نوقاوەوە بەیانی دا.

(4)

سیمام لە دورگەی زاراوان ون ببوو
گوێم لە ئاوازی دنیایەکی دیکە بوو
بەپاییزی دەسپاردم.



(5)

من لە مێژە دانم پێداناوە
بەجوانی ئەو ناوەستم
ئەم جیهانە تەنێ ئەوە نییە دەیبینین
خونکاری
سەرچڵی
پیاڵەی بەتاڵ
هەموومان عاشقکوژانە
لەبەرێکردنی ڕۆژگاردا بەردەوامین.

(6)

ئەم هوزارە ڕەنگینە بۆ کێ دەخوێنێ؟
هەندێ پرچیان دەڕننەوە
هەندێ پاڵیان بەو دیوارانە داوە
بە ئێسقانان هەڵنراون
ئەوانی دی
بە شەقام و شۆستەو
کۆچە بنبەستەکاندا بڵاوبوونەتەوە.



(7)

زۆرجاران لەخۆم دا ون دەبم
دەمبینی لە کۆڵانێکی
پێچاوپێچی لەگەش دا دەسووڕێمەوە.
لە ناکاو شەهلا بۆ یەکێک لە خەراباتەکان
ڕامدەکێشی
سوبحانەڵڵا عەشقێک بۆ پەیمانە
لەسەرم دەدا.
دەخۆمەوە..
دەخۆمەوە.
دەخۆمەوە
تا خۆم دەدۆزمەوە دەخۆمەوە.

**(8)**

ئەو گەڵایانە لەخۆڕا زەرد هەڵنەگەڕاون.
ئەو گەڵایانە لەخۆڕا نەوەریون.
چاوەکانت لە سپێدە سافترن.
دەمترسێنن
جودایی دەردێکی گرانە..
وشە مابوو، ئەویش ئێستا
دەزرنگێنەوە.
ئەرێ بەڕاست من چ دەڵێم؟
من چیم گوت؟



**(9)**

شەوانە بیرەدا تێدەپەڕن.
شەوان خۆیان لەبیر دەچێتەوە.
شەوان هەندێکیان بەچەند فڕێ
باڵ دەگرن
هەندێکی دیکەیان
ڕاپۆرتەکانی گیرفانیان
بە درەوشانەوەی گۆرانی چڕین
دەنوێنن.

(**10**)

دڵم نایێ، دەنا دەمگوت
چەند مەترێ هەناسە.
بەشی ژیانەوەی دارستان دەکا
دڵم نایێ دەنا دەمگوت
هەقە عەشق و جندەبازی
لە یەکدی جودا بکرێنەوە
دڵم نایێ دەنا دەمگوت
بەس نەبێ؟



(**11**)

جلەکان بەڕستەوە هەڵدەلەرزین
داوام لە دیوار کرد داڵدەیان بدا،
بە گوێی نەکردم
لە باران پاڕامەوە لە (با)یان بپارێزێ
بە گوێی نەکردم.
ئەوە چ زەمانێکە
کەس بەگوێی کەس ناکا؟

**(12)**

لەو کاتەی شەڕ دەستی پێکردووە
کەزی شارستانیەت و کێویایەتی
تێکئالاون
لەو کاتەی شەڕ چۆتە ناو قامووسانەوە
گەورەترین کارگەی ماسک  دروستکردن
دامەزراون..



**(13)**

ئارەزوویەک لێوان لێو لە بیابان
بۆنی بارانی
بە خاکمانەوە نەهێشتووە.
نیشتمانم
تەنیا
تەنیا
تەنیا.

(**14**)

چ حیکمەتێکە ئەی دڵ
دواساتمان بەو خێراییە
لێ نزیک دەبێتەوە؟
ئەی تارمایی نامۆ!
شەقامی بە ئاوازو گۆرانیان شلۆغ!
تازە تەواو
من کە بە ساردەکێڵێ ڕانەگەم
چیم لە ئافەرینی بێ ڕوومەتانە.



(**15**)

کتێبخانەکەم لە دەست چوو
شێتیەتییەک تاوی بۆ هێناوم
لەوە بترسم نیشتمانیشم
لە دەست بچێ
ئەی خودای دڵڕوون!
تکایە هەموو دەرگاکانمان لێ دامەخە.

**(16)**

**لە گۆڕستانی ئوور ڕا چیام خۆشەویستن**
**ئەگەر ئازای.**
**مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤ بوەستێن**
**لە بیرت نەچێ،**
**هەور هەمیشە ڕوویان لە چیایە.**



**(17)**

**ڕووبارە دوورەکان**
**هاشەیان بەباڵی پەریانەوە دەگاتە من**
**بەرگرێک نییە زەماوەندێکی لێرە،**
**لەم سارایەدا**
**لێدابوکتم.**

**(18)**

ئینجانەیەکی تەنیا
چ لە نەزمی پۆشتەکردنی با دەگا
شەیدایی خەرامانێ
کژو مەوسیمی نییە
من قاچم لە ڕۆژهەڵاتێ و
چاوم لە ڕۆژئاواییێدا لە سەر دانا.
ئینجا خەرامان
کەی لەو مەتەڵانە حاڵییە؟



**(19)**

دەستم بۆ دواچڵ هەڵبڕیوە
چەند خۆشە بەدوای ژیاندا هەڵبێی
جاسووسێکی کلۆڵیشت بەدواوە بێ
چەند خۆشە
بە بۆمبا و مین و ئارپی جی جوانی
شەڕی ئامێردی کۆڵەواری وا بکەی
ڤایرۆسی ناخیان نەهێڵێ
خۆیان فۆرمات بکەنەوە.

**(20)**

سەعاتی ژوورەکەم
هەناسەی تێدا نەماوە
لەگەڵ ئەوەی
دوێنێ پیلم لێ گۆڕی بوو.
پێدەچێ پیلەکە ستۆک بووبێ.



**(21)**

گەڵاکانی پاییز بە ڕەنگی خۆیانەوە جوانن
سواندەی ماڵان کە ئێستا نەماون
بە هێللانەی پاساریان.


**(22)**

ئای نەژاد
جاران چەند لە من نزیک بووی
ئای نەژاد جاران ساوی گوڵەگەنمان
چ هەواو ختووکەیەکیان هەبوو



ئای نەژاد
پێتێکوەرانی زستانان
چ سۆزو گەرمیەکیان دەبەخشی
ئای نەژاد
جاران چەند لە من نزیک بووی..

تەمووزی 2008



له باسی سەفەرو گەڕانەوەدا



# له باسی سەفەرو گەڕانەوەدا

**(1)**

سیدۆری
چرای خەراباتان
دەرگام لێ دامەخە
ئەوە منم
دەستم له کوانووواندا گیڕاوە
پەرۆشیم به کاڕکی ڕنیوە

تەنیا باڵ..
بەخشندە لە بەرامبەر ڕۆژپەڕدا
دڵڕوون لە ڕووی بای وادە

پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو. سیدۆری
گۆزەم بەسەردا بەربوونەوە
ڕەنگی نەخشەکانیانم لە دڵدا توانەوە...
کسپەی پەژموردەیی ، تەدارەکی ڕووخان بوون...



پیاڵەی بادەم بەنیوە نەکردبوو
لە نەشئەی سپێدەیان کردم
نەیانهێشت گڕوگاڵی هەتاو
بەسەر ڕوومەتی چیایانەوە ببینم.


(**2**)

سیدۆری
دەرگام لێ دامەخە
بووم بە ئەشقیای دارستانان
کولافە، بەسۆز
چووم ڕەشەبام پۆشتەکرد
ڕووبارم ئاودان
بەڵام چ لەگەڵ جودایی ئازیزاندا دەکرێ سیدۆری
وەک دەمبینی ڕەنجبەخەسار
بە لێڕەوارو هەڵەتاندا
دڵ بێ ئامان ژێردا گەڕام



ئای سیدۆری
چرای خەراباتان
فرمێسکەکانم چیان لێ هات؟
ئیتر چاوەڕوانی چی بم؟
دەرگام لێ دامەخە سیدۆری گیان..

هەولێر - 2009



ڕوومەتی بەفر



# ڕوومەتی بەفر

**دەترسم نەگەیتە مەککە،**
**چونکە ئەو ڕێیەی گرتووتە دەچێتەوە تورکمانستان**
**سەعدی شیرازی**

**(1)**

خاک لەتەمەندا بۆر دەچێتەوە
کۆڕەوی فرمێسک
دڵی بیابان
تاشەبەرد بەلافاوی ڕۆژگار دەدرەوشێنەوە..

چاوڕێ بە، پەلە مەکە!
ئەو بێدەنگییەی
وێنەی پەلکەگیا
بە شەقام و شۆستەکانەوە وەربوون
بەرهەمی سنگی قەڵشتووی چیایانە.



(2)

کێ لەو غەفڵەتە، خۆشە، شیرینە
مێژوومان بەبیردێنێتەوەو بە بەفرمان دەناسێنێ...؟
وەختی سەعی نەهات
وەختی یاری تەواو نەبوو؟

(3)

چڕنۆکم لەپۆڵا گیرکردووە
چاوەڕوانم
چاوەڕوانم
چاوەڕوانم
چاوەڕوانی سپێدەیەکەم
بەناو خوێنبەرەکانمان تێپەڕێ



خاک لەکارواندا نییە
تا ئەو دەمەی پردیش نەڕووخا بوو
ئاگام لێ بوو،
بەخۆی و سنگی نووساوی بە دوامانەوە بوو
هەستم بە بۆشایی
کەندو دۆڵاندا بڵاو دەکەمەوە

وەک ئێش گینگڵ ئەدەم
وەک ئاسوودەییش شەپۆل..
لەبیردەکەم
خاکم بەپێنگانی ئاگرێکی کڵپە سەندوودا سپاردووە..



خۆڵەمێشی دیواری(مۆڵ)ـەکان
مەرگی ڕەشی پێشان دەدەن
تۆی لەبیرچوونەوەی تیا دەچێنن..
کۆمیدیایە ئەم کۆمیدیایە
ڕوناهی لەخۆڵەمێشەوە دێ..

(4)

شار لە دووکەڵی
پاشماوەی چەکە بریقەدارەکاندا نقوم بووە..
مرۆڤ لەشووشەی پلاستیکی دا دەتوێنرێنەوە..
ئامادەگییەک بۆبەرگری و گڕدان نەکراوە
باڵەخانەکان(ئاسۆ)یان شاردۆتەوە
شوێنکات لەداخا



موو موو سمێڵی دەردێنێ.
خەڵکی مەلە لەکێڵگەکاندا دەکەن
ڕووبار دەکێڵن..

من ڕادەکەم
ڕادەکەم
ڕادەکەم
ڕادەکەم، هەناسەسوار
خۆم بەسەر خاکدا دەدەمەوە

بۆ گوڵ چاوەڕێی بەهاردەکەم
بۆ بەفر چاوەڕێی زستان
بۆ  ئەستێرەی زێڕینی گەڵا چاوەڕوانی پایزو
بۆ نان چاوەڕێی هاوین دەکەم.



چاولێک دەنێم
خۆم لەگەڵ خاکدا دەبینمەوە
بەبیرم دێتەوە
لە بیرچوونەوە چییە..
بە بیرم دێتەوە
بەبیرهاتنەوە چییە..

(5)

خۆڵەمێش بۆ تۆیە گوڵەکەم، گوڵی باخان..
خۆڵەمێش بۆ تۆیە
فرمێسکی خەونان
بۆ ئێوەیە خۆڵەمێش
ترپەی دڵە بێنازەکان



زۆری نەماوە (مەرگ)یش قەدەغە بکرێ..

ئای خۆڵەمێشی ڕەش
تراویلکەی ڕێ
مۆتەکەی ڕۆژێکی خەفەکراو
سیمات لەسنووری بێ سنووری
خاکم دەچێ

ئەمە وێنە نییە دەیکێشم
ئەمە خەونی چۆلەکەی بەرسێبەری سواندەیە
ببینە چەند ئاسوودە دەخوێنێ..
ببینە چەند ئاسوودە دەڕوانێ..
چەند ئاسوودە جیقنەی بەردەداتەوەو
لە شەقەی باڵی دەدا..



دەزانی فڕینی چۆلەکە
شتێکم بە بیردێنێتەوە
ئێستا نازانم چی پێ دەڵێن
جاران پێیان دەگوت نیشتمان
بوونەوەرێک بوو
ئەوەندە خۆشەویست بوو
ئەوەندە خۆشەویست بوو
ئەوەندە خۆشەویست

لە دڵ و چاو جێیان بۆ دادەخست
شیریان لە شادەمارەکانەوە دەدایێ
ئێستا نازانم لە کوێیە
دەڵێن بینیویانە
بەرگی خۆی گۆڕیوە
ناوی خۆی گۆڕیوە
(مۆڵ)ێکی بەدوای خۆیەوە خستووە
هاتووچۆی چین دەکا.



(6)

لە نووسینەوەی مێژووی شاردا
هەمیشە گەڕەکەکانی مەرگ لە بیردەکرێن
هەمیشە کووچەو کۆڵانەکانی مەرگ
نایەنەوە بەرچاو..

ئەدی (خۆر)تان چی لێ کرد؟
کە بە ڕووتی
وەک شێتێکی ڕاوەدوونراو
بەناو شاردا ڕادەکا؟



ئەی خاک!
ئەی لە مەرگ نزیکتر
ئەی خاک!
ئەی لە مەرگ دوورتر
دەنگمان بردیەوە ناو بێشکە
قسەت نەکرد
جەستەی ماندووتمان
بەخوێن نەخشاند
قسەت نەکرد

ئەوە چییە
بە چ چاو و ڕوویەک
سەیری ئاوێنە دەکەین؟
ئەوە مێژووە
خۆی بەسەر جەستەی ڕووتی تۆدا دەدا ئەی خۆر!
ناهێڵێ عەورەتت دەرکەوێ



ئەوە نهێنی سێبەرە،
دەنگی چرا
ڕوناهی با
وشە کپکراوەکانمان دادەپۆشێ..

(7)

لێم نزیک بەرەوە
بەڵام توخوا بە ئەسپایی



ختووکەیەکم بدە، با لە خەو ڕابم
ئەو مۆتەکەیەم لە کۆڵ بێتەوە
کە بە کاغەزی کیسەی بەتاڵی چیمەنتۆوە پێچراوە..

هەست دەکەم دەست و قاچم
بە برغو بە جەستەمەوە لکێنراون

ئای ئەی خاک
ئارەقەی نێوچەوانت چ لێ کرد
بۆ کوێت برد؟



کەڵەشێرەکان کەی دەخوێنن
ئەم شەوە کەی دوایی دێ ئەی خاک!
ئەی پاشای بێتەخت و بێدەنگ و بێڕەنگ؟

غوبار لە فرمێسکدا بوو بەقوڕ
ئێمە هەر تێنەگەیشتین
دنیا جیاوازە لەوەی دەیبینین
هەر تێنەگەیشتین

شینایی، شینایی زمانە
لە وەرزی خۆڵەمێشدا
بەهەشت لە چاومان دەخولقێنێ



ڕەنگە بشپرسی
تۆ بەدوای ژیاندا هەڵدێی
لەوانەیە سنووری تراویلکەم
بە زەبری هێز پێ دیار بکەی
لە کاتێکدا بەخۆت
لەسەر قەنەفەیەکی تووکن پاڵت داوەتەوە
چرووت دەکێشی

بۆنی چەند خۆشە ئەو هەرامە چرووتە
لە بۆنی تەم دەچێ..



(8)

چراکان بەری لای ئێمەیان ڕەشداگەڕاوە
دەستت بدە دەستم
تا یەکتریمان لێ دیارە دەستت بدە دەستم.

شوباتی/2010



2 ڕۆژ لە ئەستەمبوڵ



## 2 ڕۆژ لە ئەستەمبوڵ

ئەستەمبوڵ
ئەو ئەستەمبوڵە نەبوو
(نالی)و (پیرەمێرد)و (حاجی) لێ بوو
ئەو شارە ئێستا
بە باڵەخانەی بەرزو منارەی مزگەوتەکانی
لە نەخشی مافوور دەچێ

بە سام، بڕۆین..
گەش لە ڕەنگی ئاگر
ئینجانەکانی بەری ڕۆژئاوای
گوڵی ڕۆژهەڵاتی تێدا دەدرەوشێنەوە..



ئێمە کۆمەڵێک بووین
ئەوانیش کۆمەڵێک
هۆڵی کۆبوونەوە
هۆڵێکی خۆش بوو
هەرچەندە بۆت نەبوو جگەرەی لێ بکێشی
بەڵام ماسک و ڕووبەندی تێدا یاساغ نەبوو

باسی مێژوویان کرد
باسی مێژوومان کرد
باسی جوغرافیامان کرد
باسی جوغرافیایان کرد
بە کەیفی ئێمە پەیڤین..



کە گەڕاینەوە
ئەوەی لە بیرم نەچووبێتەوە
(باران)ی نەرمی ئێواران و
دیمەنی ئەو منداڵە کوردەی
سەرنووسەری (زەمان) لە تافی لاویدا بیستبووی
لەسەر ئەوەی لە خەودا بە کوردی قسەی کردووە
لەلایەن دادگای دادپەروەرەوە قبوڵ نەکراوە..

بەداخەوە ئەمجارە
پیرِانەگەیشتن قەرەجە فاڵگرەوەکان  ببینین



دوو ڕۆژ بوو
پیرِانەگەیشتین..
بە دۆستەکانمان بڵێین
دڵ چاک دەکرێتەوە، پینە ناکرێ..

2010/1/18



بەخێر بێی شەهلای شووشەیی



# بەخێر بێی شەهلای شووشەیی

**" هەموو ئاویان لێڵ دەکەن،**
**تا قووڵ بنوێنن.. "**

**نیتچە**

بەخێر بێی میوانی تاراپۆش.
بەخێر بێی دنیای خەمۆکی بێدەنگ..

ئەو درەوشانەوەم پێ ببەخشەوە،
لەگەواڵەیەکی چڕی شەرمەوە دێ،
تارمایی ببینم
ساوی (با)م بەسەردا هەڵبکا
غەریبی نێرگسی لێ بتکێ..



بەخێربێی شەهلای شووشەیی نووستوو
ئەوەی هات دڵی خۆی نەدیت و پێی لێ نا..
ئەوەی چوو بازی کێوییانی ون کرد
نهێنی ڕێکەوت و
ورشەی ئازار و
مەوسیمی جودایی
لە شکانی شەختەو
مەرگەمەلەی کەنارو
کێشمانەی سپێدەدا دیتبوو..

بەخێربێی بۆ دەرگای تونێڵ و
باوەشی بەسۆزی
سرووتی کسپەو
ئاوازی لاتی و
فەرشی باران..



بەخێربێی دنیای خەمۆکی بێدەنگ،
میوانی تاراپۆش
تۆسەیری،
کۆتری حەوشەی خانەقا چەند شادن
چەند شادن کۆتری حەوشەی خانەقا
گڕی شین لە بنباڵ هەڵدەگرن

ئاسمانگەڕ
لە بۆسەی بەسامی فەنتازیا
دەچنەوە باوەشی
سرووتی کسپەو
ئاوازی لاتی و
فەرشی باران



شەهلای شووشەیی نووستوو
میوانی تاراپۆش
بەخێربێن بۆ شایی گوڵاڵە سپییەکان..

نیسانی 2010



بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم
لەو کانییانەم خواردەوە



# بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم
# لەو کانییانەم خواردەوە

**مندالێک ڕادەبرد مۆمێکی بەدەستەو بوو. لێم پرسی ئەم ڕوناهی یە لە کوێوە دێ؟**
**مندالەکە مۆمەکەی کوژاندەوەو وتی: ئێستا تۆ پێم بلێ ڕوناهی یەکە بۆ کوێ چوو**
**تا منیش پێت بلێم لە کوێوە هات.**

**حەسەنی بەسرایی"**

(1)

* فڕین لە نەغمەی مۆسیقادا ون دەبێ
تارمایی مانگ لە ڕەنگی سوور
سوور
سوور
سوور

* بە چاوت ڕا دەزانم
هێشتا گەلاوێژ نەبزووتووە
منیش وەک تۆ
مەملەکەتی خۆم ون کردووە
ڕۆشناییان بەنوێژی نیوەڕۆ
لێ دزیوم
بە چاوت ڕادەزانم
سپێدەیەکی سپی بەڕێوەیە
سپی
سپی
سپی.



* هەورم بە وشکی نەدیبوو
ئەو پیتانەی بە کێڵگەکانم داکردبوون
بەشێکم لە شەو
بەشەکەی دیم لە گزنگی بەیان خواستبوون
زەرد
زەرد
زەرد

* پەپوولە لە زمانی خەون ناگەن
"ڕووباری گریان"
سەرچاوەی لە پایزەوە نەگرتووە
ئەمجارەش بۆنی سەوزایی
لە خەو ڕایچڵەکاندم...
سەوز
سەوز
سەوز



**(2)**

تەنیایی، گوڵی گەشی داری فەنا
ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو
ڕادیۆو تەلەفزیۆن و سایتەکان
لێی دەترسن
خۆیانی لێ دەپارێزن..
کەچی ئەو لە شێوەی ژنێکی ڕادیکاڵ
بە چاوی بەزەییەوە لێیان دەڕوانێ..

(**3**)

کۆتر بە ناوی ئاشتییەوە فڕێنرا بوون
چیا لە ئامێزیان دەگرتن، لایلایەیان بۆ دەکردن
بەڵام بەفر خۆی لێ نەکردن بە خاوەن
ڕووی نەدانێ
کۆترەکان ئێستاش چاوەڕوانن
بەفر سڵاوێکیان لێ بکا..



(**4**)

ئەو مردووانە
بۆچی دەستیان لە گۆڕ دەرهاتووە؟
ئەو هیوایە شێتە
چییەتی بەو سەرماوسۆڵە
لە شەقامی شاعیراندا
سەرگەردان، ئەستێران کۆدەکاتەوە
کە هێشتا تاریک دانەهاتووە
ئەم دنیایە بۆ نووستووە؟

**تێبینی وەڵامەکان بۆ ئیمێلە هاککراوەکان دەنێردرێن**

(**5**)

ڕێگا دوور بوو، جێژوان خاڵی
من بەمەوسیمی چاوی تۆ
بیناییم ڕوون دەبووەوە..
موریدی خانەقای تۆم من
گرفتاری لالەزاری گوڵڕەنگی
حوجرەی بە دەنگ و سەدای تۆم ..



(**6**)

سەرە بێباکە مژوولەکان
خلۆر دەبنەوە
لەو دیو مینای پەنجەرەکانەوە دەبینرێن
ئەو شەقامە تاریکانە
ئەو دیوارە تاریکانە
ئەو شارە تاریکانە
چیت بە بیر دێننەوە..؟
گۆرانی بێدەنگی چیت بە بیر دێنێتەوە؟
من هەر ئەو (من)ـەم
نەمهێشت گەڵا شەرمنەکان هەڵبوەرێن..

**(7)**

ئێوارەی ئەبەدیەت
شوێنپێی لەرزۆک
ڕووباری بەخوڕ
هەموویان لێرەدا، بەبەرسێبەری نووکی
ئەو قەڵەمە باڵانوێنانەدا تێپەڕین.



**(8)**

ڕوخساری ماندووتم
لە ئاوێنەدا بینی
ویستم بڵێم ناتوانم ئەوەی لە دڵمە بیشارمەوە
پێم بڵێ پرسیارەکانت چی لێ کردن، بۆ کوێت بردن؟
پێم بڵێ من کێم؟

**(9)**

**ئێمە لە کوێین؟**
**ئەو شانۆگەرییە بۆچی ئەوەندەمان ماندوو دەکا؟**
**تاومان بۆ بەخۆشەویستی ئەم ڕۆژگارە لێ هەڵنایێ؟**
**چ دەڵێی،**
**بۆ نایێی لە کۆڵ خۆمانیان بکەینەوە**
**ئومێد ماوە، ئەویشیان بدەینێ..**



**(10)**

**دەستم لە ئەبەنووس دەچوو**
**دڵم پێدەکەنی..**
**دەستم پەشمی تابانە**
**دڵم دەگری...**

**(11)**

شازادە نهێنی ڕەنگەکانی
لەگەڵ خۆی برد
پێدڤێ ئالآمان ڕەنگی
لە دامێنی چیاکانەوە وەربگرێ
تا هەتا هەتایێ
بزەی کوێستانانی پێوە دیاربێ..



**(12)**

هێشتا زەردە بەسەرانەوە مابوو
بارانم شایەدە شیرین قەد.
من لە وادەی خۆم دوانەکەوتبووم
تێمهەڵکردبوو
کسپەی جوداییم دەنگی دەگەییە ئاسمانان
بارانم شایەدە
لەوادەی خۆم دوانەکەوتبووم
بە چیت بڕوا پێ بکەم
لە هاتنم بێ خەبەر بووی..؟

(13)

پێکەوەین
کەچی لە یەکتریش جوداین
ڕێگای ئەڤین یەک ڕێگایە شیرین قەد.



(14)

پەپوولەیەکی داماو
چ لە دیوارێکی کۆنکریت دەکا
چ لەو خەونە نیگەرانانە دەکا
ژنێکی سپیپۆشی تێدا دەردەکەوێ..؟
پەپوولەیەکی داماو
چ لە زایەڵەی دەنگ و
ئەشکەوتی ترسناکی بێدەنگی دەکا؟

(**15**)

دەستە ڕەشەکانن
کەمەندان
لە مەزرای دڵەشکاوەکان داوێن
چاوەکان لە ئاست مێژوودا نووقاون
لەوانەیە کۆنەبرین بکولێنەوە
ڕەنگە دیسان شەو دابێتەوە..



(**16**)

باخچە چاویان لێ ستاندم
ڕووبار فرمێسک
ئێستا سیمام لە پەیکەری مرۆڤێک دەچێ
لە بەهەشتدا تووڕ درابێ..

**(17)**

له برادەر زیاتر بوو
باجستێنی خەم
ڕۆیشت...
بێ خواحافیزی، بێ ڕوخسەت
بێ ئەوەی گۆڤارەکەی دەربچوێنێ
یا پێمان بلێ ئیتر نایەمەوە
تێنەگەیشتم بۆچی
سەفەری بێ گەڕانەوەی
خستە سەرەتای زستان..؟



**(18)**

جارێکی دی هاتیەوە خەونم
لەخۆشیان نیوەگیان بووم
ئەوە چ چیرۆکێکە کەژێ
چیرۆکی من و تۆ
پەیکی زەمەن نایبڕێ..

(**19**)

پێشوتاری قەڵەم
بەدخەوی بوو
ڕۆحی سترانان
خەڵتانی بێدەنگیی جۆگەو ڕووباران
شیرین قەد لە من ون نییە
چاوە فێڵاوییەکانی
لەودیوی مینای پەنجەرەوە دەبینم
پێشوتاری قەڵەم
لێرە، لە کانی لەزەتدا ورشە دەدا



(**20**)

ماهی ئێمە
لە باتی تریفە
پەشم دەبارێنێ..
لەگەڵ میوانداری مەرگیش
لەگەڵ نەخوێندنەوەی مێژوو
لەگەڵ ئاودزبوونی برینان
لەگەڵ بەردەوامی شەو
هێشتا دڵ پەیژەیەکی ئومێدی
پێوە دەمێنێ
من و تۆی پێدا سەرکەوین.

(**21**)

پایتەختەکانی ئەم سەدەیە
لە هێڵی یەکتربڕو تەریب دەچن
بێ سەرەتا . بێ دیماهی
پایتەختەکان گوندی گەورەن
بەڵام هێلکەی بچووک دەکەن



(**22**)

ئەو ئاوازو گۆرانییانە
کێ شکاندنی
کێ بوو بە زەبری ستەم
قەرەجە چاوکاڵەکانی
لەگەڵ دنیای ماسکداری ئێمەدا
تێکەڵ کردو تارمایی دوواندن
کێ بوو؟ ڕازەکانی بردن؟
نەوا.
نەوا..
نەوا..

بۆ کێ؟





**(23)**

که پێویستیمان به لێفەشرێک و نانێک هەبوو
ئەوان بروسکەیان دەنارد..
وەک گۆزەیەکی شکاو له مەیدانی شەڕەکانیاندا
بەجێیان دەهێشتین..
ئاهەنگیان له گەڕەکی کەڕان پێ دەگێڕاین..
کەچی ژیان..
ئا ئا ژیان..
ئەوەتا به پیرمانەوە دێ
ئێمەین خۆمانی لێ لادەدەین

(**24**)

پەتای ئادەمی
کە ئێستا بووە بە مۆد
دیواریان بە خانووانەوە
پەنجەرەیان بە دیوارانەوە
شووشەیان بە پەنجەرانەوە نەهێشت
بەم جۆرە
چیرۆکی ئەمشەویشمان لێرەدا تەواوبوو..



(**25**)

پاسەوانی ڕێگا بوو
هێلانەکانی تێک دابوون
لەو ساوە تەرزە لە شکارتەکانمان دەدا
لەو ساوە پیلمان لەگەڵ برسییەتی دا تێکهەڵکێشاوە

(**26**)

ڕەنگەکان لە کوێدا خۆیان بنوێنن
کە هەموو شەڕو پشێوی دنیا
لەسەر دەنکە ڤیاگرایەک بێ..



(**27**)

بەداخەوە باران مابوو
ئەویش ئێستا
لە پرۆسەیەکی ڕسکاودا
جاسووسی بەسەر هەورەوە دەکا
دەڵێن باران هەموو نهێنییەکانی درکاندووە
بۆیە هەور تووڕە بووە
وەک دەبینی ماوەیەکە
هیچ کارێکی پێ ناسپێرێ

**(28)**

که ڕۆیشتی پرچت تا تا
سیمات بروسکەی دەهاوێشتن..
نازانم چۆن لەژێر ئەو هەموو ماسکانە ماندوو نەبووی..



**(29)**

دنیا لەژێر باڵی (جیهانایەتی) دا نووستووە
کێڵگەکانی نێرگس
ڕەنجی فەرهاد دەدەن
لەو لاوە
لە پەنای دێرێک دا
کە دەنگی گیان و
گیانی دەنگی پۆشیوە
مرۆڤێکی سادە
بەدڵی شکاوەوە
لاوکی بەسەرچوو دەچڕێ

(**30**)

حەوشەمان بۆنی شەوبۆی لێ دێ
هەر دڵەو پەیکانێکی بۆ دێ
هەر چاوەو گڕ دەبارێنێ
ئاوازی کپ
دەفری بەتاڵ پڕ ناکا
ئیتر لێرەبەدوا سێو لە ئەفسانان دێتە دەرێ
بە کلیکێک پێ دەگا..
بە کلیکێک دەکڕدرێ
بە کلیکێک دەفرۆشرێ
دوور نییە بە کلیکێکیش بخورێ..
بژی (جیهانایەتی)
کانگەی تەمبەڵی و
کۆڵەواری و تەنپەروەری..



(**31**)

سرووتی خاکەڕایی
خەمی نادیار
خۆری سپیپات
وا پێک نەهاتبووین براله
منداڵیی گەردوون
بە گورگان بسپێرین..

(32)

ئای زەوی خۆزگە ئەوەندە بچووک نەبای
ناچارم بکەی
سینگم بکەم بە چیمەن
چاوم بە هێللانەی مەلان
درەخت لەسەر باڵەکانم بڕوێنم.



(33)

پەری لە هەوران دەرکەوتن
باس لەوەختێک دەکەم
بەیانیی نەدابوو
هێشتا ئاگری شوانان
بە بنارانەوە دیاربوو
شەوگەڕ نەهاتبوونەوە
پەری لە هەوران دەرکەوتن
لە کاتێکی وادا
تۆ بڵێیی پەری بۆ لە هەوران دەرکەوتبن؟

**(34)**

ژنێک بۆ غەریبی خۆی دەفی لێ دەدا
گەڵای داران
سەرەتاتکێیان لەگەڵدا دەکرد
ژنێک
لە کانگەی نوورەوە هاتبوو
دەفی بۆ غەریبی خۆی لێ دەدا



**(35)**

ئەودەمەی کولێرەیەک بەدەستەوە دەگرم
دەزانم دنیا دەهێنێ
گۆرانی بۆ بچڕی.

**(36)**

گریمان دڵیان
خستیە سندووقی دەنگدانەوە
بیرت لێ کردۆتەوە
بە چ زمانێک لەگەڵ پرسیاران بئاخڤێی
یاخود چییان پێ بڵێی..؟



**(37)**

چاو و گوێمان
بەسێنی سەربانانەوە بەستراوەتەوە
تکایە پێم بڵێ من کێم؟
لە کوێڕا هاتووم. بۆ کوێ دەچم؟

**(38)**

گڕم نەدیبوو لەو شێوە
بێباک، بێ پەروا
بەفری لوتکان بسووتێنێ
ئاوی ڕووباران داغ بکا .



**(39)**

مەرگ لە چاوەڕوانی ژیاندا خوێنی لە بەردەڕوا
شارستانیەت و چۆلپەرستی
لەبەر ئاستانەی سەدەی نوێ
دەست لە ناو دەست
پرۆتۆکۆلی نهێنی ئیمزا دەکەن
وێنەی یادگاری دەگرن.

**(40)**

نەمدەزانی گوڵ لە تەمدا
جوانتر دەردەکەون
نەمدەزانی تریفەی مانگ
لە تانەی چاوان دەچێ..



**(41)**

لێم دیارە دەرفەتەکان لە ئەفسانەدا ئاڵاون..
لێم دیارە،
پیاڵەی بەتاڵم لێ دیارە
چاوی ماندووی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە
دەنگی گیراوی تێدا دەنگ دەدەنەوە

لێم دیارە، شتی دیشم لێ دیارە
لێ مومێکی بەر با چی لەدەست دێ؟
لەوەی بەدەر
یەخەی خۆی لە تاریکیدا دادڕێ



**(42)**

ڕۆژگارمان
ڕۆژگاری دووپشکانە
چرپە دەخوێننەوە
سەوڵ لە خەیاڵ دەدەن
ڕازێک. نهێنییەک
لە ڕۆژگاری دووپشکاندا نەماوە..

**(43)**

فرمێسک نووستبوو
چاو بێدار
لەو دیو سۆزی سۆمادا
ژنێک سەمای
لەبەر ئاوازی هەتاو و سێبەردا دەکرد
فرمێسک نووستبوو
ژنێک لەبەر ڕوناهی دا دەلەیزی..



**(44)**

تارمایی ڕێیان
لە هەور
لە با
لە خەونان گرتووە
تارمایی گەیشتنە ئاسمانی خەرەندان ..

**(45)**

ڕەشەبا نەبووایە
درەخت بەلادا نەدەچوون
ڕەشەبا نەبووایە
چاوی تۆ
بەو ئێوارە ئەرخەوانییە تەرزیان نەداوێشت
ڕەشەبا نەبووایە..



**(46)**

مێژووی شۆستەکان نانووسنەوە
ئەو ڕەوەزەی لە خەودا بە سەرتدا ڕما
ئەو خەمە نادیارانە بوون
پایزان دەدرەوشانەوە..
ترپەی دڵە هەڵاهەڵاکان بوون
تەمی سپێدەیەکی زستانی...
فلیمەکە هەر ئەوەندەی لێ مابووەوە
ئەوی دی لێ ڕەشببووەوە..

**(47)**

دار بەڕوو پەنجەمۆری
بەسەر گوڵاڵەکانی کەنارەوە مابوونەوە
پاسەوانی فەرمانگەی دۆزینەوەی تاوانان
نەیهێشت لە گوڵان نزیک ببمەوە
تۆ پێم بڵێ دڵدارەکەم چاوەڕوانە
من چۆن بێ گوڵ بگەڕێمەوە؟



**(48)**

بازی کێوییان
بە دووکەڵی پرسیاران گیراوە
ئەستێرە
لە ئاسماندا ڕادەکەن
خەڵکی لە بەهەشتیشدا خۆیان کۆکردۆتەوە
کەس نازانێ چی قەوماوە..

**(49)**

**دەخیل چاکی سەرگردو تەلانان**
**بەهەور بلّێ**
**لە قەدەحی پڕیدا ڕێژنەیەک دا بکا**
**شاعیران وەختی ژوانێ**
**هیچیان لە بیر نامێنێ.**

هەولێر- 2009



## هەوڵە چاپکراوەکانی نووسەر

**1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا**

* ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد
نامیلەکە-چاپی 1984، بەناوی خوازراوی
(پاکزاد محمد کریم)، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان(لەشاخ) چاپی دووەم
بەناوی سەریح، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 1991.
* پڕۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەکوردی
لێکۆڵینەوە-گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا، پایزی 1986.
* هەڵەی چاپ، ئەمڕۆ ئاسۆی دوا ڕۆژ
لێکۆڵینەوە-بەدووبەش، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا-1988.
* وێنەو کاریکاتۆر تایپۆگرافیاو بەکارهێنانیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوە-بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و 86و 87)ی 1990.
* برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیا-چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) کە لە هەندەران دەردەچێ، چاپی دووەم
چاپخانەی خەبات 1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-1997.
* ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان(ئاداک-ADAK)
پڕۆژەی دامەزراندن و بەڕێوەبردن.
لێکۆڵینەوە-ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە، هەولێر-1993، چاپی دووەم بە کتێب چاپخانەی
خەبات دهۆک 1997- چاپی سێیەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر 2006.
* درەختی بنکۆڵکراو:
پەنجەنماییێکی ڕۆژنامەنووسیانە بۆ باری ڕووناکبیری و کلتووری کوردی چاپی یەکەم کوردستان-1995،
چاپی دووەم سوید 1996 چاپی سێیەم هەولێر 2006.
* ڕۆژنامەگەری کوردی - چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی - چاپخانەی وەزارەتی
پەروەردە - هەولێر 2006.
* ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا - وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە - هەولێر 2005.
* شار لە هەڵبوون و کوژانەوەیدا - وتاری ڕۆژنامەنووسیی - هەولێر 2005.
* چەند وتارو نووسینی تر هەر لەم بوارەدا لە شوێنی جیا جیا بە کوردی و عەرەبی.

**2)شیعر**

* ئەو شەوانەی خەون نایێ:
چاپخانەی (النعمان)نەجەف - 1977.

* تاڤگەی مەند
چاپخانەی (شفیق) بەغدا- 1987.
* چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی:
چاپی ئیتاڵیا 1994. چاپی کوردستان 1995 دهۆک.
* هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەر شەختەدا مابوونەوە:
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-2005.
* تاڤگەی مەندو ئەوانی تر - چوار کۆ شیعر پێکەوە:
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر-2005.
* گەمە شاراوەکانی با : دهۆک -2007.

**3)لەبواری وەرگێڕاندا**
* نووستوی بەر باران:
شیعر-لە فارسییەوە، چاپخانەی (علاء)بەغدا-1980.
* رێگاوبان:
پێنج چیرۆکی درێژو شانۆنامەیەک لە نیکۆلای خایتۆڤەرە چاپی یەکەم - چاپخانەی (الحوادث) بەغدا-1983. چاپی دووەم دەزگای موکریانی - 2005.
* سەرتایێەک بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەکاری
چاپی یەکەم - چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986. چاپی دووەم دەزگای موکریانی - 2005.
*چەند نامەیەک بۆ تارانتابابۆ:
شیعری نازم حیکمەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
چاپی یەکەم چاپخانەی (الزمان)بەغدا-1990.
چاپی دووەم/سوید - کتێبی ئەرزان 1996. چاپی سێیەم هەولێر - 2005.
* دایکی کورد-دانییێل میتران
وەرگێڕان لە عەرەبییەوە 1996.
**4)**
* پایزی چاوەکان
کۆلاژ لە تاراوگەی شیعردا چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری-هەولێر 1998.
* چاوەکان.. هەمیشە چاوەکان...
کلاو رۆژنەیەک لە شەختەدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری 1999.
* دیسان چاوەکان - رێنوێنی پێشانگای پێنجەمی کۆلاژ، چاپخانەی خەبات- دهۆک 2008.
* شرفە-بە زمانی عەرەبی، چاپخانەی خەبات دهۆک-1998.
* بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات و شوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی.